ئەو وتارە بۆ سمینارێک ئامادە کرابوو کە قەراروابوولە سەر پەیوەندی کورد و ئاسۆڕی و هۆیەکانی کوژرانی مارشیمۆن، لە 21 ی مانگی مای ئەوساڵدا لە هەولیر بگیرێ و بۆ هەر وتار بێژیک تەنیا 20 دەقیقە وەخت دیاری کرابوو، بۆیە، زۆرکورت و بێ وارید بوون بە وردەکاریی مەسەلەکان دارێژراوە . بەداخەوە سمینارەکەی هەولێر سەری نەگرت . ئێستا کە وتارەکە لە بەر دەست دایە لێرە پێشکەشی دەکەم.

(تایر عەلیار)

**کورد و ئاسۆڕی**

یەک لەو رووداوە نەخوزراوانەی کە لە کۆتاییە کانی سەدەی نوزدە لە کوردستان روویدا ، تێکهەڵچوونەکانی بەینی کورد وخوشک و برایانی ئاسۆڕی بوو کە لە زەمانی شۆڕشی بەدرخان بەگ دا سەری هەڵدا و پاش هێوربوونەوەیەکی کاتی و کورت دووبارە لە کاتی شەڕەکانی رووس و عوسمانی دا هەروەها لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا پەرەی ئەستاند و لە درێژەی ئەو کێشەیەدا بنیامین مارشیمون رێبەری ئاسۆریەکانی جۆڵەمێرگ لە کۆنە شاری سەڵماس گیانی لەدەست دا و بە ناکام مانەوەی ئاسۆریەکان بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی کوردستان, لە پەیمانی لۆزان دا کۆتایی هات. دەست تێوەردانی وڵاتانی گەورەی ئوروپا وەکوو رووسیە ، بریتانیا ، ئالمان و فەڕانسە، رێنوێنیی پڕ لە هەڵەی میسیونێرە مەسیحیە ناردراوەکان ، دمار گرژی ئایینیی سولتانی عوسمانی و فتوای جیهادی موفتی ئەعزەمی عوسمانی ، سیاسەتی تەفرەقە سازکردنی دەولەتی ئێران و دژ بەیەک بوونی بەرجەوەندیەکانی کورد و ئاسۆڕی لە سەر دیاری کردنی سنووری جوغرافیایی دەوڵەتی نەتەوەیی لە بنەماکانی سەرەکی ئەو تێک هەڵچوونانە و ئەو خەسارە گەورەیە بوو.

لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا رووسیەی تیزاری بۆ گەیشتن بە بوغازە کانی بوسفێر و داردانێل و تەنگەی هورموز تەنگی بە عوسمانی و ئێران هەڵچنیبوو. ئەرمەنستانی لە عوسمانی کردەوە و خستیە سەر وڵاتەکەی خۆی و پێشتریش لە دوو پەیمان نامەی داسەپاوی گولستان و تورکمانچای دا گورجستان و بەشێک لە قەفقاز و ئەڕانی لە ئێران ئەستاندبوو و خستبوویە سەر خاکی خۆی و لە سیاسەتی تەوسیعە تەڵەبانەی خۆی دا پشتگیری لە مەسیحیەکانی وڵاتی عوسمانی و ئێران دەکرد ولە هەوڵی راکێشانی سەرنجی ئەوان بۆلای خۆی و دەستەبەر کردنی پشتیوانی ئەوان بۆخۆی و چەکدارکردنیان بە قازانجی خۆی لە بەرەکانی شەڕدا بوو. بەشێکی زۆر لەو مەسیحیانە بە تایبەت ئاسۆڕیەکان نیشتە جێی کوردستان بوون و دەگەڵ کورد تا ئەو کات ژیانی برایانە یان هەبوو. لە پێوەند دەگەل ئەو سیاسەتە دا، میسیونێرە رووسەکان لە شاری ورمێ بنکە و دەزگای خۆیان دامەزراند و دەست بەکار بوون . لە ساڵی 1901دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گوفاری (ئوروومی ئورتودوکسانا)بە زمانی کەلدانی. هێزەکانی رووسی لە کاتی شۆڕشی مەشڕووتەی ئێران دا بە داخوازی محەمەدعەلیشا واریدی ئێران بوون و تەورێزیان گەمارۆ دا و مەشرووتە خوازان و ئازادیخوازانی ئێرانیان کوشتار کرد .بەو جۆرە دەستی رووسیە بۆ دەخالەتی راستەوخۆ لە ئێران دا کرایەوە. لیاخۆف ئەفسەری رووسی کە فەرماندەی هێزی قەزاقی ئێران بوو بە دەستووری دەربار مەجلسی وەبەر تۆپ دا و بە سەر نوێنەرانی مەجلسی د ا رووخاند. سیاسەتی رووسیە هیچ مافێکی وەکوو دەوڵەتی سەربە خۆی کوردی بە رەسمی نەدەناسی و پشتی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی نەدەگرت و دەیویست لە هێزی کورد وەکوو هێزی ئاسۆڕی بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ و ئەگەر

ئەوە نەگونجا ئاسۆریەکان بە گژ کورد دا بکا و دەست بە سەر وڵاتی کورد دا بگرێ. رووسیە کوردی وەکوو گەلێکی موسوڵمانی هاو دەنگ دەگەڵ وڵاتی عوسمانی هەڵدەسەنگاند و لە کێشەی نەتەوایەتی کورد دا قازانجێکی بۆخۆی بەدی نەدەکرە.

بریتانیا لە هەولی هەلوەشاندنی وڵاتی عۆسمانی دابوو . لە سەربەخۆیی هێندێک وڵاتی عەرەبی وەکوو میسر پشتیوانی دەکرد بۆوەی عۆسمانی پێ زەعیف بکا و دەستی بە سەر کانالی سوئیز داگرتبوو تا ئەمنیەتی رێگای ئاویی خۆی و هیند کە کۆلۆنی بریتانیا بوو بپارێزێ . هەروەها بۆ زەعیف کردنی عوسمانی داکۆکی لە مەسیحیەکانی ئەو وڵاتە دەکرد و وەکوو هاوپەیمان هەڵس و کەوتی دەگەڵ دەکردن و لە کێشەی رووس و عوسمانی دا پشتی رووسیە و سیاسەتەکانی رووسی دەگرت . لە هەوڵی ئەوەدابوو میزووپوتامیا و ئێران لە ژێر نفووزی خۆی دا بێ ، بۆ وەی ئەو ناوچەیە نە کەوێتە ژێر دەستی رووسیە یا عوسمانی یا ئالمان کە موتەحیدی سیاسی وڵاتی عوسمانی بوو.کاتێک حوزووری راستەوخۆی رووسیەی لە ئێران دی وەخۆ کەوت و لە ئاکامدا قەراردادی 1907ی دەگەڵ رووسیە ئیمزا کرد کە ئێرانیان لە نێو خۆیاندا وەکوو حەوزەی نفوز دووبە ش کردبوو و بە هەر دووکیان ئەو قەراردادەیان بە سەر ئێران دا سەپاند . ئەو گرێبەستە بە قەراردادی وسووقودەولە بە ناو بانگە کە نارەزایەتی و کێشەی سیاسی قووڵی لێکەوتەوە. سیاسەتی  بریتانیا دژی مافی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بوو چونکە بوونی دەوڵە تێکی وای بە مەترسی بۆ سەر بەرجەوەندیەکانی خۆی دەزانی و پێی وابوو لە ئاکام دا دەکەوێتە داوێنی رووسیەوە کە گەورەترین هێزی زەمینیئەو کاتی دنیای هەبوو و لەو رێگایەوە میزوپوتامیا و هیند لە دەست دەچێ،بۆیە هەموو هەوڵەکانی رێبەرانی کورد و ئازادیخوازانی کوردوەکوو سمای[illegible]غا و شێخ مەحموود و ئەوانی دیکە  بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانیی بریتانیا لە کورد لەو کات و سەردەمەدا بێ سوود بوو و کورد لە هەر جێگایەک سەری هەلدا دەگەڵ پێ[illegible]ن و بەرهە لست کاریی بریتانیابەرەوروو بوو  . لە راستی دا کێشەکە وەکوو کێشەی کورد وبریتانیا دەچێ . بریتانیا لە قووڵ کردنەوەی ناکۆکی کورد و ئاسۆری دا دەوری ناحەزی گێرا و قەت هەوڵی رێکخستن و نزیک کردنەوەی ئەو دوو گەلە برایەی نەدا. تە نانەت لە پەیمانی لۆزان دا بەرگری لە بوونی نوێنەری گەلی کورد کرد و پشتیوانی لە پێک هینانی دەوڵەتی ئاسۆری لە (ماکۆوە تا رەواندز ) دەکرد کە خاکی کوردە و یەک کەلیمە نێوی کورد لەو پێشنیارەی دانەهاتبوو.

لەو هەلومەرجەدا دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانی لە لووتکەی ناکارامەدی و لێ نەهاتوویی دابوون و بێجگەلە فشاری دەرەکی، دەگەڵ شەپۆلی نارەزایەتی داخلی و داخوازی دێموکراتیکی کۆمەلانی خەڵک بەرەو روو بوون . دەولەتی عۆسمانی بە جێگای رێفورم و مل کەچ کردن بۆ ئازادی پەنای بۆ دین و ئایین برد و پرۆژەی هێڵی ئاسنی ئیستامبووڵ حیجازی هینا گۆرێ کە موسوڵمانان هاسانتر زیارەتی حەج بە جێ بێنن و هێندێک تاڵی مووی ردێنی پێغەمبەری موسوڵمانانیان بە خانەقا و تەکیە و مزگەوتەکانی ئیمپراتووری دا بە تەشریفات و تەبلیغاتەوە بڵاو کردەوە وبە بزاوتنی هەستی ئایینیی موسوڵمانەکانی ئەو ئیمپراتووری یە  قیامەتێکیان لەفریوکاری وهەلخەلەتاندنی خەلک  بەرپا کرد . هەوڵی تەحریک و تەهییجی هەستی ئایینی خەلکیان دا و کێشەکانیان وەکوو کێشەی ئیس[illegible]م و مەسیحیەت خستە روو کە ئەو زەمینە سازیە کارەساتی لێ کەوتەوە و کوشتاری ئەرمەنیە کان یەک لە رووکارە رەشەکانی ئەو بیر و بۆچوونانەیە. هەروەها جەبهەی شەڕی رووس و عوسمانی کێشرایە رۆژهەلاتی کوردستان و هەموو ئەو دژایەتیە و دژ بەریەی دەگەڵ خۆی هێنا و بوە هۆی کارەسات ومالوێرانی گەورە و لە سەر پێوەندی برایانەی کورد و ئاسۆری لە دەوروبەری ورمێ تەئسیری دانا.

دەوڵەتی عوسمانی هەروەها پشتی ئەو دەوڵەتە کاتیەی گرت کە بە ڕێبەری نیزامەدینی مافی لە کرماشان پێک هاتبوو. ئیستامبووڵ ببوە مەکۆی مەشرووتە خوازان و ئازادیخوازانی ئەوکاتی ئێران لە کاتیک دا دەولەتی عوسمانی عەینی ئەو بیرو باوەر و داخوازانەی لە وڵاتی خۆی دا تەحەمول نەدەکرد و سەرکوتی دەکردن. مەبەستی دەولەتی عوسمانی لەو کارە، نفووز کردن لە نێو مەیدانی سیاسەتی ئێران و زەعیف کردنی دەولەتی ناوەندی بوو کە لە ژێر چەتری پشتیوانی رووسیە دابوو هەروەها مەبەستی بەربەرەکانی دەگەڵ نفووزی سیاسی رووسیە لە ئێران دابوو.

ئالمان پشتگیری ئەو سیاسەتانەی عوسمانی دەکرد و دروست کردنی هێڵی ئاسنی ئەستامبووڵ حیجازی وەستۆ گرتبوو و وەکوو رێگایەک بۆ بازرگانی و پیشرەفتی ئابووری خۆی سەیری دەکرد و لە ب□و کردنەوەی تەبلیغاتی ئاییینی دەولەتی عۆسمانیش نەدەپرینگاوە چونکە مەسیحیەکانی ئەو وڵاتەی بە هاوپەیمانی رووس و بریتانیا دەزانی و بۆ خۆی لە گەڵ ئەو دوو وڵاتە لە سەر بەرجەوەندیی ئابووری وسیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا لە رەقابەت دابوو. نە عۆسمانی و نە ئالمان بەرنامەیەکیان بۆ پشتیوانی لە مەسەلەی کورد نەبوو . دەولەتی عوسمانی دوژمنی سەرەکی مافی کورد بوو و هەوڵی دا کوردەکان بە قازانجی ستراتیژی خۆی بە کار بێنێ کە بەداخەوە لە تێوەردانی بەشێک لە کوردەکان لە مەبەستە خراپەکانی خۆیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بناغەی دوژمنایەتی کورد و ئاسۆری دارشت.

ئالوگۆرەکانی بەرەکانی شەڕی رووس و عوسمانی لە چارەنووسی ئاسۆری و کورددا تەئسیر گوزار بوو. لە سەرکەوتنەکانی لەشکری رووسدا کورد پاماڵ دەکرا وەکوو کوشتاری خەڵکی مهاباد و شنۆ و رەواندز و لە سەرکوتنەکانی لەشکری عوسمانیدا هەم ئاسۆری و هەم کورد پامال دەبوون وەکوو لە ناو بردنی700000کورد لە کاتی ژنۆسایدی ئەرمنیەکاندا و هەلکەندنی ئاسۆریەکان لە ناوچەکانی خۆیان و راونانیان بۆ ناوچەی ورمێ لە ژێر کوشتار و تاڵاندا. فتوای جیهادی موفتی ئەعزەمی عوسمانی لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا پشتیوانیی فیکری و ئاییني بۆ کوشتاری خەڵکی غەیرە موسڵمان دەستەبەر کرد وفەزایەکی پڕ لە دوژمنایەتی و دردونگی دروست کرد . لە لایەک تەحریکاتی میسیونێری مەسیحی و لەلای دیکەوە ئیع□می جهادی موفتی ئەعزەمی عۆسمانی ئاوریان لە خەرمانی ژیانی خەڵکی بێ تاوان لە هەر دوولایەنی قەزیە بەردا و فەزایەکیان بۆ پێکەوە ژیانی برایانە نەهێشتەوە. بۆیە کاتێک ئاسۆریەکانی وڵاتی عوسمانی خۆیان گەیاندە ناوچەی ورمێ، سەدەمە و ناخۆشیەکی زۆریان تێپەڕ کردبوو و لە فکری تۆڵە سەندنەوە و بە هێز کردنی مەوقعیەتی خۆیان دابوون. بۆخۆشیان دەستیان لە نەیارانی خۆیان وەشاندبوو و هەستیان بە مەترسی دەکرد. کە گەیشتنە ناوچەی ورمێ دەگەڵ پێشوازیی میسیونێرە بیانیەکان و کونسولگەریی وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا بەرەورووبوون و دڵگەرم بەو پشتیوانیانە دەستیان بە سەر ناوچەکە داگرت .

ئاسۆڕیەکان بە پشتیوانی وڵاتانی بیانی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیان دا لە ورمێ و سەڵماس و دەورووبەری ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی درندانە بە سەری هێنابوون ئەوانیش بە سەر دانیشتوانی تورک و کورد و جوولەکەی ئەو ناوچەیان هێنا و لە هیچ غەدرێک دەستیان نەپاراست و دوژمنایەتی و هەستی تۆڵە سەندنەوەی تورک وکورد و ئێرانی یان بۆ خۆیان کڕی. میسیونێرە بیانیەکان کە پەیڕەوییان لە سیاسەتی دەوڵەتەکانی خۆیان دەکرد ، هەروەها کونسوولگەریە کانی ولاتانی گەورە کە سیاسەتی دەوڵەتەکانی خۆیان لە ناوچەکە دا پیادە دەکرد چونکە کاریان پێ یان بوو دەستیان وەبەر نەدەهێنان و لەو هەموو ناشایستیەی کردیان داکۆکی یان دەکرد و ئەوەش لە نیهایەت دا بە زەرەری ئەو گەلە تەواو بوو.

نیکیتین دەڵێ:

(ئەمن لە گەرانەوەم دا لە هیچ کوێ رانەوەستام و بە پەلە هاتمە ورمێ و پێش گەیشتنی لەشکری باراتوف لەوێ بووم . وەزعی شارەکە بە تەواوی تێک چووبوو چونکە خێڵە نەستووریەکان دوای بەربەرەکانیەکی سەخت بەرامبەر بە هێرشی عوسمانیەکان لە سەرووی چۆمی زێ، بە هۆی نەبوونی زەخیرە و ئازووقەوە مەجبوور بوون بەرەو خەتی جەبهەی ئێمە پاشەکشە بکەن . لە پایزی 1915داوەکوو سێڵاو هاتنە ناوچەکانی خۆی و سەڵماس و ورمێوە. کاپیتان گراسی ئینگلیسی هاتە ورمێ بۆ وەی دەگەڵ نەتەوەی ئاسۆری پێوەند بگرێ . مێتینگێکی گەورەی رێکخست . رێبەرانی ئاسۆری وتەکان و نەخشەی عەمەلیاتیی ئەویان پەسند کرد ، بریار درا 250 ئەفسەری رووسی بێنە ورمێ هێزی ئاسۆری رێک بخەن . هێزی ئاسۆری دەبوو حافیزی خەتی جەبهەی لە دەریای رەشەوە هەتا بەغداد بێ ، پارە و کەرەسەی جەنگیش بە ئەندازەی لازم بۆ ئەوان بنێردرێ . بە باوەر کردن بەو وەعدانە میللەتی ئاسۆری حازربوو چەک هەڵگرێ و درێژە بە شەڕ بدا . لەو میتینگەدا مارشیمۆن، دوکتور شێتی ئەمریکایی ، دوکتور گوژلی فەرانسەوی و من نیکیتێن نەخشەی عەمەلیاتی کاپیتان گراسمان بە خولووسی نیەتەوە تەسدیق کرد.)

کەسرەوی لە بارەی رووداوەکانی ئەوکاتی ورمێ دا دەڵێ : ئەورۆ لەو کوشتارەدا نزیک بە دەهەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوان و ژن و منداڵ کوژرا . مەسیحیەکان لە کازیوەی بەیانیەوە دەستیان کرد بە تاڵان و کوشتن ودوای نیوەڕۆ هەرچەند بە دەستووری مستر شێت کوشتاریان راگرت بەڵام تاڵان هەر هەبوو و ئەگەر کەسێکیان چاو پێ کەوتبا دەیان کوشت. لە ئیوارێ دا کۆبوونەوەیەک کرا و یەک لە نوێنەرانی موسوڵمانەکان موعتەمەدولوزەرا بوو کە داستانەکەی نووسیوە و دەڵێ : مەسیحیەکان نووسراوەیەکیان بە نێوی ئولتیماتوم لە کۆبوونەکەدا خوێندەوە . لەوێدا هاتبوو:

چونکە دەوڵەتی ئێران توانای نیە بێ لایەنی خۆی لە ئازەربایجان راگرێ و پێشی هاتنی قوشوونی بیانی بۆ نێو ئازەربایجان بگرێ بۆیە بە ئەمری حکوومەت و بریاری هاوپەیمانان قوشوونی میللی لە نەتەوەی مەسیحی لە ئازەربایجان تەشکیل دەدرێ بووەی نەیەڵن دوژمنی بیانی بێتە ئازەربایجانەوە کە مەترسیەکی گەورە دەبێ بۆ قەفقاز . ئێستا لە ئازەربایجان قوشوونی ئەرمەنی و ئاسۆری تەشکیل دەدرێ . بە داخەوە بەشێک لە پیاو ماقوولانی ورمێ کە وادیارە لایەنگری دوژمنەکانی ئێمەن هێندیان ئاژاوە گێرا کە لەو رۆژانەدا کاریان گەیاندە شەڕی مەسیحی و موسوڵمان و نە تەنیا خەلکی شار لەو تێک هەڵچوونانەدا زیانیان دی بەلکوو نوێنەرانی رووس و فەرانسەش زەرەر مەند بوون . هاوپەیمانان ناتوانن لەو رێکخستنە تازەیە دەست هەڵگرن و بە هۆی ئینسانیەوە دەبێ فەوری ئەو قەتڵ و تاڵانانە تەواو بێ و ئێمە بە واجبی دەزانین ئەو شەرتانە بە موسوڵمانەکان رابگەیەنین وبێ چوون و چەرا دەبێ ئەنجامی دەن.

1.دەبێ مەجلسێک لە 16 کەس بە فەرمانی بارون استپانیانس فەوری تەشکیل بدرێ.

2.لە شاردا حکوومەت نیزامیە و رەییسی پولیس لە لایەن مەجلیسەوە هەلدەبژێردرێ.

3.هەرچەکێکی لە لای موسوڵمانەکانە دەبێ لە ماوەی چل وهەشت سەعات دا تەحویلی مەجلیس بدرێ کە ماڵی میللەتی ئێرانە.

4.هەرکەس دەست بە رووی ساحەب مەنسەبی رووسی یا فەرانسەوی یا سالداتێکی رووسی دا بڵێند بکا کە ببێتە هۆی قەتڵی یا مەغلوب بوونی ، دەبێ خەڵکی ورمێ مەعاشی خاووخێزان و خۆی تەئمین بکا.

ئیمزا : جەنەرال پاڵتافیف پولکونیک کوزمین لویتنان کاسفل

لە کاتی دەست بە سەر داگرتنی ورمێ و سەڵماس لە لایەن ئاسۆریەکانەوە هەم لە وڵاتی عوسمانیدا و هەم لە ئێران دا جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی بەرین لە ئاڕادابوو . لە ئێران محەمەد تەقی خانی پسیان لە خوراسان ، خەیابانی لە تەورێز ، میرزاکوچک خان لە گی□ن جووڵانەوەی کورد بە رێبەری سمایاغا لە کوردستان لە گۆڕێدا بوو . میسیونێرە بیانیەکانیش بۆ گەشاندنەوەی کولتوور و فەرهەنگی دێرینی ئاشووریەکان و ئاشنا کردنی ئەوان بە مافە کولتووری و نەتەوایەتیە کانی خۆیان دەوری کاریگەریان گێڕا و بە بڵاو کردنەوەی چەندین گوواری وەکوو کالادشرارا و تحریرادی باحرا و جوخو و کردنەوەی مەدرەسە و نەخوشخانە و.... خزمەتی گەورەیان بە باری رووناک بیری و پشکووتنی فەرهەنگیی ئاشووریەکان کرد . رەنگدانەوەی ئەو جمۆجۆڵانە دەتوانین لە ناوەرۆکی ئەو مەرامنامەیەدا ببینین کە کومیتەی رێبەریی ئاسوری لە ورمێ بڵاوی کردەوە و لە بەندی یەکەمی دا دەڵێ :

ئامانجی سەرەکی کومیتەی ئازادی ئاسوری پێک هێنانی بەڕێوە بەرایەتیەکی سەر بە خۆیە لە مەڵبەندەکانی ورمێ، مووسڵ ، توورعابدین ، نسیبین ، جزیرە ، جۆڵە میرگ، بەو مەرجەی لە کاروباری بازرگانی وجەنگیی دا هاوپەیمانی رووسیای ئازادی مەزن بێ.

مخابن ، گەلێک کە بۆخۆی چەوساوە و سەرکوتکراوی دەستی هێزی زۆرداری وەکوو عوسمانی و ئێرانە و لە هەوڵی رزگاری خۆیدایە هەر لە دەستپێکەوە چاوی بریوەتە خاک و نیشتمانی گەلی کورد و لە باتی هاوخەباتی و هاودەردی دەگەڵ کورد رێگای دژایەتی و توند و تیژی گرتە بەر و کاتێک بە هۆی شۆڕشی ئوکتوبرەوە هێزەکانی رووس کشانەوە و ناوچەکەیان چۆڵ کرد ئیدی هێز و دەولەتی ئاسۆری لە ورمێ بە تەنیا ماوە . لەو وەزعەدا ناوچەیەکی شەڕ لێدراو و وێران کە :

1. ئێران هێزی نیە دەستی بەسەر دا بگرێتەوە
2. رووسیە و عوسمانی کشاونەتەوە
3. کورد بە خاکی خۆی دەزانێ و لە فکری پێک هێنانی دەوڵەتی نەتەویی بە رێبەری سمای□غای سمکۆدایە
4. ئاسۆری دەوڵەتی لێ تەشکیل داوە و ئیدارەی دەکا و چاوەڕێ یە کورد مل بۆ ئەو دەوڵەتەی ئەو رابکێشێ و لە شەڕی دەوڵەتی ئێران و هێرشی عوسماندا یاریدەی بکا .
5. تەکلیفی ناوچەکە دەبوو روون بێتەوە کە کێ خاوەنیە تی .

واقعیەت ئەوەیەکە کورد نە یدەتوانی تەمکین بەو وەزعە بکا و دەست لە داخوازەکانی خۆی هەڵگرێ وچاوپۆشی لەو بەشەی خاک ودەسەڵاتی نیشتمانیی خۆی بکا.ئەویش لە کاتێک دا کە قەرار وایە کونفرانسی پاریس تەکلیفی رۆژهەلاتی ناوەراست روون بکاتەوە و لە لۆزان چارە نووسی دەولەتی نەتەوەیی کورد دیاری بکرێ. بۆیە کوژرانی مارشیمون پێوەندی بەو

بەرجەوەندیانەوە هەیە نەک ئەوەی هێندێک قەڵەم بەدەستی ئێرانی دەڵێن سمای□غا تەماعی لە سەعاتە زێرەکەی مارشیمون کردبوو.

290414 تایر عە لیار

سەرچاوەکان:


| | |
|---|---|
| اورمیه در گذر زمان | حەسەن ئەنزەلی |
| کورد و عەجەم | محەمەد سالح ئەمین |
| تاریخ اورمیه | کاویانپور |
| کوردستان و ستراتیژی دەولەتان | حۆسین مەدەنی |
| کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا | دوکتور کەماڵ مەزهەر ئەحمەد |
| کوردستان و کورد | دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو |
| تاریخ کردستان | لازاریف،واسیلیوا، مەحوی ، حەسرەتیان. ژیگالیا |
| مێژووی کورد لە سەد و دوازدە ساڵدا | ئەحمەد مەحموود عەلی |
| نامەهای اورمیه | کاوه بیات |
| تاریخ هجده ساله آذربایجان | ئەحمەد کەسرەوی |
| اورمیه در محاربه عالم سوز | رەحمەتولاخان موعتەمەدولوزەرا |